بەیاننامەی کۆمیتەی باڵای

شیوعیەکانی گەرمیان

*خەڵکی بەشەرەف و تێکۆشەری کوردستان
*بنەماڵەو کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکان
*ئاوەندەکانی ڕۆشنبیری و خاوەن ویژدان و پەیامی دوا ڕۆژی گەلەکەمان
*کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکوردستان
*ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مەدەنی و میللی
*دۆستان و ئەندامان و لایەنگرە پەسەنەکانی ناو حیزبی شیوعی کوردستان

بۆ ڕێگەگرتن لەبەردەم هەموو پیلان و ڕونکردنەوەیەکی ناڕاست و شەرمەزارانە..

بۆ سەلماندنی کێشە ڕاستەقینەکانی سنووری گەرمیان و وەڵامدانەوەی هەموو ڕونکردنەوەیەکی ناڕاست..

بۆ دانانی سنوورێك لەچەواشەکردنی ئامەسنولانەو شاردنەوەی ڕاستییەکان لەکۆمەڵانی خەڵك و کەناڵەکانی چاودێری..

کۆمیتەی باڵای شیوعیەکانی گەرمیان بەپێویستی دەزانێ لەم بەیاننامەیەدا ڕاستییەکان بخاتە بەردەم ڕای گشتی و سنورێکیش لەبەردەم وەڵام و وەڵامدانەوە دابنێت..

لەدوای ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی 1991ی گەلەکەمان و دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان، تێکۆشەرو بنەماڵەو کادرو پێشمەرگەکانی ناوچەی گەرمیان لەچوارچێوەی خەباتی سیاسیدا تا ئەمڕۆ لەئاستی ڕوداوو گۆڕانکارییە ترسناکەکانی ئەم ناوچەیە دژ بەداگیرکەرانی کوردستان لەهەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە لەمەیدانی سیاسیدا، قوربانییەکی بێ شوماری لەمێژووی خەباتی گەلەکەمان داوەو دەدات..

لەم پێناوەشدا سەدان و هەزاران شەهید، سەرقافڵەی کاروانێکی دوورو درێژ بووین، لەسەر حساب و خەم و مەینەتییەکانی بنەماڵەو کەسوکارەکانمان هەمیشە مێژوویەکی پڕشنگدار بووین لەخەباتی ڕەوای گەلی کوردستان و ڕەنج و خەباتی ئەو تێکۆشانە کەتا ئەمڕۆ موزایەدەی پێوە دەکرێت، هەر لەجیابونەوەی بەهادین نوری و بزوتنەوەکەی شەهید حمە حەلاق و هاوڕێیانی کۆڕی تێکۆشان تا دەگاتە ڕاپەڕینی کەسوکاری شیوعیە ڕەسەنەکانی گەرمیان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی محەلی گەرمیان، خۆی لەخۆیدا کەڵەکەبوونی سیاسەتی نا دروستی ئەو حیزبەیە.

ئێمەی شیوعییەکانی گەرمیان لەشارو شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە بەپێویستی دەزانین لەبەیاننامەیەکی وادا ناڕەزایی و داواکارییەکانی ئەم ڕاپەڕینە سەرتاسەریە لەگەرمیان بخەینە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لەوەڵامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بۆ دانوستان ئەم وەڵام و داواکارییانە ئاشکرا بکەین. وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویش لەبەر دەستی خەڵکی کوردستان و ئەرشیفی خەباتی سیاسی ناوچەکە بمێنێ.

1. پێمان باشە حزبی شیوعی کوردستان بەداوایەکی ڕەسمی و بەنوسراوی (م.س) داوای گفتوگۆ بکات ئەك لەڕێی ژوورە داخراوەکانەوە.
2. داوای لێبوردن لەوهەمووشیوعییانە بکەن کەلەماوەی (25) ساڵی ڕابردوودا لەحزبی ناوبراو جیابونەتەوە.
3. دەبێت محەلی گەرمیان لەڕاگەیاندنێکی ئاشکرادا بۆ سەرجەم شیوعی و بنەماڵەکانیان داوای لێبوردن بکەن لەو غەدرانەی بەرامبەریان کراوە.
4. ئاشکراکردنی ئەو داهات و کەلوپەلانەی لەساڵی 1991 تا 2003 دزراون.
5. کەشفکردنی ئەو تاڵان و بڕۆ سەیارە فرۆشتنەی دوای پرۆسەی ئازادی لەلایەن سکرتێری محەلییەکانەوە درزان و دابەشکران.
6. ئاشکراکردنی بودجەی مانگانەی حیزبی ناوبراو بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.
7. بەستنی کۆنفرانسێکی نائاسایی گشتی بۆ سەرجەم شیوعییەکان و ئاشکراکردنی پێشێل کارییەکان و سزادانی سەرپێچی کاران.
8. گەڕانەوەی پلەوپایەو ئیستحقاقاتی ئەو شیوعییانەی بەنیازی گەڕانەوەن بۆ کاری سیاسی.
9. ئاشکراکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان حزبی شیوعی کوردستان–باشوورو حزبی ناوبراو.
10. دوای فەشەلبوونی حزبی شیوعی کوردستان لەهەڵبژاردنی گشتی عێراق و کوردستان پێویستە حزبی ناوبراو هۆکارەکان بەشێوەیەکی زانستیانە دەستنیشان بکات، نەك گەلەکەمان بەجاهل و کەمتەرخەم بزانێت.
11. دانانی کەسانی موستەحەق بۆ وەزیفەو خانەنشینی لەجێگای ئەو کەسانەی بەناهەق دانراون.

پێمان وایە تاکە ڕێگەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی حزب لەم خاڵانەو چەندانی تر کۆدەبنەوە.. لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆکارانەی کێشەی گەرمیان و ناوچەکانی تر تا ئەمڕۆ لەئارادایە پێشمان وایە دڵسۆزانی حزب ئەو کەسانەن کەلەئاست چارەسەرکردنی ئەو خاڵە گرنگو لاوازانەی حزبی شیوعی بێدەنگ نابێت، بەچارەسەرکردنی کێشەکان بۆ خۆی هەست کردنە بەبەرپرسیارێتی مێژوویی بەرامبەر بەگەلەکەمان و حزب و شەهیدان.

سەرکەوتوو بێت دەنگی حەق خوازانەی

شیوعیەکانی گەرمیان و هەموو ئەو دڵسۆزانەی

لەم پێناوەدا خەبات دەکەن..

تێبینی: هەرکەس و لایەنێك لەدەرەوەی ئەم کۆمیتەیە ڕونکردنەوەی ناڕاست بنوسێت. ئەوا ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کەناڵەکانی چاودێری دەکەین ئەوە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەکۆمیتەکەمانەوە نییە، شایەنی باسیشە کێشە ئاڵۆزەکانی محلی گەرمیان خەڵکێکی بەرچاو کردویانەتە پرد بۆ سودو قازانجی گیرفانی خۆیان، لەم بوارەشدا زۆر کەس بەڕەشوەکانی حزبی شیوعی دەمی چەورکراوە.. تکایە بۆ ئاگاداری..

کۆمیتەی باڵای شیوعیکانی گەرمیان

ناوەڕاستی تەمووزی 2005

گەرمیان